IKUF
Iransk Kurdiska
Ungdomsförbundet
i Sverige.

کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتیی
یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئێران
کۆمیتەی سوید.

*Democratic Youth Union of Iranian Kurdistan*

## بەیاننامەی کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتیی

## یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران - سوید

هاونیشتمانە بەڕێزەکان!

کچان و کوڕانی لاو!

دۆستان ، لایەنگران و ئەندامانی یەکیەتیی لاوان!

کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتیی یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران – سۆئێد، بە خۆشحاڵیەوە ڕادەگەیەنیٚ کە لە کەش و هەوایەکی ئازاد و لە نێو گەرمەی ڕەشبەڵەك و قاقای پێکەنینی کچان و کوڕانی لاودا، چوارەمین کۆنفرانسی کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتیی یەکیەتیی لاوان لە ولاٚتی سۆئێد سەرکەوتووانە کۆتایی بە کارەکانی هێنا.

دوانیوەڕۆی ڕۆژی ٢٠٠٣/٥/٣١ کاتژمێر (١,٤٠) دوانیوەڕۆ بە سرودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب و دەقیقەیەك بیٚ دەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان چوارەمین کۆنفرانسی گشتیی یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران – سۆئێد دەستی بە کارەکانی کرد.

لەم کۆنفرانسەدا کە ٨٦ ئەندامی یەکیەتیی لاوان بە نوێنەرایەتی زیاتر لە ٤٨٠ ئەندام بەشداربوون، نوێنەری کۆمیتەی ئورووپای حیزبی دێموکڕات، بەرپرسی کۆمیتەی حیزبی دێموکڕات لە ولاٚتی سۆئێد و بەشێك لە ئەندامانی کۆمیتەی حیزب و بەرپرسی ناوەندی یەکیەتیی کوردان و نوێنەری یەکیەتیی ژنانی دێموکڕات و چەند هەیئەتی ڕێکخراوەکانی خوێندکاران و لاوان، هەروەها چەند کەسایەتی و دۆستی یەکیەتیی لاوان کە بۆ ئەم کۆنفرانسە بانگ هێشتن کرابوون بەشداری یان کرد.

کارەکانی کۆنفرانس بەسەر سیٚ بەشی سەرەکیدا دابەشکرابوون، بەم شێوەیەی خوارەوە کارەکان بەڕێوەچوون:

بەشی یەکەم هاوڕێیان مەریوان نستانی و کیژان کەریمی بەگەرمی بەخێرهاتنی بەشدارانی کۆنفڕانسیان کرد ، ئینجا بەڕێزو تێکۆشەر کاك سەعید بیگزادە ئەندامی کۆمیتەی ئورووپای حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران بەڕەسمی کۆنفرانسی کردەوە و کارەکانی کۆنفرانسی چوارەم دەستیان پێکرد. هاوڕیٚ کاك سەعید باسی گرینگی ڕۆڵی لاوانی دیموکڕاتی بۆ خزمەتی کۆمەڵگا و مەسەلەی نەتەوایەتی گەلی کورد کرد.

ئینجا هاوڕیٚ ئەمیر سوڵتانی بەرپرسی یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران – سۆئێد، پەیامی کۆمیتەی بەڕێوەبەری یەکیەتیی لاوانی بۆ کۆنفرانسی چوارەم خوێندەوەو بە گەرمی بە خێرهاتنی بەشدارانی کرد.

پەیامەکان بەم شێوەیە بوون:.

+ پەیامی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەلایەن هاوڕیٚ کامران قازی.
+ پەیامی کۆمیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە ولاٚتی سۆئێد لە لایەن هاوڕیٚ کاك ڕەحیمی محەمەد زادە.
+ پەیامی کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتیی یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران – کوردستان لە لایەن هاوڕیٚ مەریوان نستانی.
+ پەیامی کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتیی یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران– ئۆروپا لەلایەن هاوڕیٚ کامران قازی.
+ بروسکەی پیرۆزبایی کۆمیتەی بەڕێوەبەری یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران دانمارك.
+ پەیامی کۆمیتەی بەڕێوەبەری یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران – نۆروێژ لە لایەن هاوڕیٚ ژیان هیجری.
+ پەیامی ناوەندی یەکیەتیی کوردان لە ولاٚتی سۆئێد لە لایەن کاك سەید ئەحمەد حوسێنی.
+ پەیامی کۆمەڵەی خوێندکاران و ئەکادیمی کوردستان لە لایەن د. کاوە ئەمین.
+ پەیامی کۆمیتەی بەڕێوەبەری یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران – سۆئێد لە لایەن هاوڕیٚ سەکینە جوانمەردی.
+ پەیامی یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی لە کوردستانی عێراق لە لایەن هاوڕیٚ کاك ئاسۆ.
+ پەیامی کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتیی یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران – فینلەند.
+ پەیامی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان– سۆئێد لە لایەن هاوڕیٚ کاك شەماڵ ئاسۆ.

بەدوای خوێندنەوەی پەیامەکاندا، کۆمیتەی بەڕێوەبەری یەکیەتیی لاوان خەلاٚتی بەسەر ئەو خوێندکارانەدا دابەش کرد کە ئەم ساڵ دیپلۆمیان وەرگرتووە، ئەم هەنگاوەی کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی یەکیەتیی لاوان لە گەڵ خۆشی و شادی هەموو ئەندامانی کۆنفرانس بەرەو ڕوو بوو.

WWW.KURDISTANNET.ORG 8-6-2003



**بەشی دووهەمی کاری کۆنفرانس**

بەشی دووهەمی کاری کۆنفرانس تەرخان کرابوو بۆ خوێندنەوەی ڕاپۆرتەکانی کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتیی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بەم شێوەیەی خوارەوە بوون:

+ ڕاپۆرتی سیاسی کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتیی یەکیەتیی لاوان لە لایەن هاوڕێ ئەمیر سوڵتانی.
+ ڕاپۆرتی کارو تێکۆشانی کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتیی یەکیەتیی لاوان لە لایەن هاوڕێ عوسمان سلێمانی.
+ ڕاپۆرتی کارو تێکۆشانی کۆمیتەکانی یەکیەتیی لاوان لە لایەن هاوڕێ کاروخ محەمەدپوور.
+ ڕاپۆرتی بەشی ماڵی یەکیەتیی لاوانی دێموکڕات لە لایەن هاوڕێ کامەران کەریمی.

بەدوای ڕاپۆرتەکانی کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتیی یەکیەتیی لاوان، ئەندامانی کۆنفرانس چالاکانە بۆ هەڵسەنگاندن و گفتوگۆ لەسەر ڕاپۆرتەکان بەشداری یان کردو ڕاپۆرتەکان بە تێکڕای دەنگ پەسند کران. لە دوایین بەشی دانیشتنی دووهەمی کۆنفرانس هاوڕێ مەریوان نستانی بڕیارو پێشنیارەکانی کۆنفڕانسی چوارەمی خوێندەوەو ئەندامانی کۆنفرانس پەسندی یان کردن.

بەشی سێهەمی کاری کۆنفرانس تایبەت بوو بە هەڵبژاردنەوەی کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتیی یەکیەتیی لاوان، لەم بەشەشدا لاوان بە عیشق و عەلاقەوئامادەیی وەرگرتنی بەرپرسایەتییان لە خۆیان نیشاندا، ئەمەش نیشانەی دڵگەرمی و باوەڕی پتەوی لاوانە بە یەکیەتیی لاوان و ئامانجەکانی ئەم ڕێکخراوەیە.

لە ئاکامی هەڵبژاردنێکی ئازاد و دیموکراتیانەدا ( ۹ ) ئەندامی ئەسڵی کە بریتیی بوون لە:

١- مەریوان نستانی.
٢- ڕەحیم ڕەشیدی.
٣- کاروخ محمدپوور.
٤- عوسمان سلێمانی.
٥- ئاواز مەولانی.
٦- سۆزان فەتحی.
٧- جمال بایزیدی.
٨- کامەران کەریمی.
٩- مژدە عەزیزی.

هەروەها ( ٢ ) ئەندامی جێگر کە بریتیی بوون لە:

١- ئەستێرە ایراندوست.
٢- موکریان نستانی.

بۆ کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتیی یەکیەتیی لاوان هەڵبژێردران، لە یەکەمین کۆبوونەوەی کۆمیتەی بەڕێوەبەری هەڵبژێردراوی کۆنفڕانسی چوارەمدا هاوڕێ مەریوان نستانی وەکو بەرپرسی یەکیەتیی لاوان لە وڵاتی سوئێد دا هەڵبژێردرا.

لەدوا بەشی کاری کۆنفڕانسدا گەڕی دیلانی لاوانی دیموکرات ساڵۆنەکانی کۆنفڕانسی ڕازاندەوەو چریکەی هونەرمەندانی لاو گەڕی ڕەشبەڵەکیان گەرمتر دەکرد.

دەمژمێر ١٢ ی نیوەشەو کارەکانی کۆنفڕانس زۆر سەرکەوتووانە کۆتاییان هات و کچان کوڕانی لاو بۆ گەڕانەوە بۆ شوێنی نیشتەجێ بوونیان بەزەردەخەنەوە ماڵاوییان لە یەکتر دەکرد و یەکتریان لە باوەش دەگرت و پیرۆزبایی کۆتایی هاتنی سەرکەوتووانەی کۆنفڕانسیان بە یەکتر دەگووت.

پتەو تر بێ یەکریزی و یەکدەنگی لاوانی دیموکرات.

کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتیی
یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئێران – سوئێد
٢٠٠٣/٦/١

Iransk Kurdiska Ungdomsförbundet i Sverige. URL address: www.lawan.com , E-mail: lawan@lawan.com
Telfax: 0046 (013) 21 33 31 , Mob: 0046 73 925 39 41 , Post address: Rydsvägen 388A , 584 39 Linköping , Sweden.
یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئێران – سوید